# برێختی شۆڕشگێڕی مارکسی

## لەژێر فشاری سیخوڕ و لێپێچینەوەکانی FBI و

### دەزگا ئەمریکییەکانی دیکەدا

**دەقی وەرگێڕدراوی لێپێچینەوە لە برێخت لەلایەن "ئەنجوومەنی خانەی چالاکییە نا-ئەمریکییەکانەوە" کە تێیدا هەوڵ دەدرێت لەبەر مارکسیست بوون برێخت تۆمەتبار و تاوانبار بکرێت.**

و: کارزان عەزیز

2020


لە بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکانی گروپی نۆڤا

## دادگاییکردن و ناشرینکردنی مارکسیستەکان: ترس لە شۆڕش

مێژووی ناشرینکردن و سوکایەتیکردن بە کۆمۆنیزم لەلایەن ئایدۆلۆژیای باڵادەستی بۆرژوازییەوە بە هەموو باڵە لیبراڵ و نیولیبراڵ و دینی و نەتەوەییەکانیەوە، مێژوویەکی پڕ لە وەهمی بۆرژوازی و هێرشی لایەنە بۆرژوازییەکان بووە لە کۆنەوە تا ئێستا بۆ سەر خەبات و کادیران و ڕابەرانی بزووتنەوە کۆمۆنیستییەکان و هەروەها بزووتنەوە جەماوەری و کرێکارییە واقیعییەکان. ئەمە بە تەنیشت چەندین کۆمەڵکوژی و هێرشی وەحشییانەی فیزیکی بۆسەر کۆمۆنیستەکان و بزووتنەوە کۆمۆنیستییەکان هەر لە سەرکوتی خوێناویی گەورەی کۆمۆنەی پاریسەوە تاکو ئەوەی کە دەوڵەتانێک کۆمۆنیست بوون بە یاسا قەدەغە دەکەن و ئەوانی دیکەش وەکو تابوو (حەرام)ێکی گەورە تەماشای دەکەن. بە گشتییش، بۆرژوازی و باڵەکانی بە شێوەیەک بەردەوامییان بە ناشرینکردنی کۆمۆنیزم داوە، تا دەگاتە ئەوەی ڕێگا بۆ دواکەوتووترین بیرکردنەوە و ڕەوت و هێزی کۆنەپارێز و بەرژەوەندیخوازی نامرۆڤانە خۆش بکەن، تا هێرش بکەنە سەر کۆمۆنیستەکان و میراتی نوسراو نەنوسراوی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کۆمۆنیستەکان بە کەم و مەترسیدار ببینن. ئەگەر پرسی ڕەخنەی مارکسیزم و سۆسیالیزمی واقیعییش خاڵەکە بێت، ئەوا زۆرینەی بەهێزترین و ڕادیکاڵانەترین ڕەخنە و بەخۆداچوونەکان هەر لەناو خودی میراتی مارکسیزم و

سۆسیالیزم خۆیەوە هاتوونەتە دەرەوە. ئەمە دەگاتە ئەوەی کە ئەوهامی بۆرژوازیی لەسەر تەنانەت بەشێک لە نوخبەی رۆشنبیرانی کۆمەڵگای جیهانی و کوردستانیش هێندە بەهێز بێت، مارکسیزم و فاشیزم و ناسیۆنالیزم و نازیزم و هیتر بە مەبەست و ئامانجدارانە بخەنە تەنیشتی یەک و گەشە بە دۆخی بالادەستی بۆرژوازیی بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا، لەناوەندە ئەکادیمییەکاندا بە شێوەیەک پەراوێز بخرێت وەک ئەوەی گرنگییەکی ئەوتۆی نییە.

## بێرتۆلد برێخت

**بێرتۆلد برێخت کەسێکی پراکتیکیی نێو شانۆ، شانۆنامەنووس و شاعیرێکی مەزن بوو. ئەو لە پراکتیکی شانۆییدا، داهێنەرێکی مەزنی شانۆی داستانی و دیالەکتیکییە، لە نووسیندا، شانۆنامەنووس و شاعیرێکی تەواو لێهاتووی شۆڕشگێڕیی مارکسی بوو. دوای چەند سەرکەوتنێک لەو بورانەدا، دەبێتە هەماهەنگکارێکی ئاوازدانەری بەناوبانگ "هانس ئایزلەر". ئەو بەشی زۆری تەمەنی لە مەنفا بەسەر دەبات، بە نموونە، لە سەدەمی دەسەڵاتی نازییەکان و هیتلەردا لە سکەندەناڤیا ژیا و دواتریش لە ماوەی جەنگی دووهەمی جیهانییدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان (US). لەو ماوەیەی کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێت، لەژێر چاودێریی وردی (FBI)دا دەبێت. دوای گەڕانەوەشی لە ئەمریکا بۆ ئەڵمانیای**


لە بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکانی گروپی نۆڤا

ڕۆژهەڵاتی، لەگەڵ هاوکاری هەمیشەیی و هاوژینیدا (هێلینی وەیگێڵ)دا، کۆمپانیای بێرلینەر ئینسێمبڵ بۆ کاری شانۆیی دادەمەزرێنن.

لەو ماوەیهشی کە لە ئەمریکا دەبێت، لەلایەن مەکتەبی لێپێچینەوەی فیدراڵییەوە بۆ ماوەی 13 ساڵ لەژێر چاودێرییەکی زۆر ورددا دەبێت لە ڕێگەی تەلەفۆن و تەلەگرام و زانیاریی سیخوڕیی تایبەتەوە لەبارەی برێخت خۆی و پەیوەندییەکان و چالاکییەکانی تاکو بیسەلمێنن کە ئایا هیچ چالاکییەک یان پەیوەندییەکی کۆمۆنیستی لە ئەمریکادا هەیە یان نا. وەک لەم لێپێچینەوەیەشدا هاتووە، پێیدەڵێن کە تۆ کەمەڵێک بەرهەمی "زۆر شۆۆشگێڕییت نوسیوە"، کە ئەمە ترسە نەک لە شۆڕش، بەڵک ئامادەباشیکردن بۆ شۆڕش و سازدانی ئاگایی شۆڕشگێڕانە.

فایلەکەی FBI دەربارەی برێخت کە زیاد لە 1000 پەڕەیە و بۆ یەکەمجار، دکتۆر لیۆن لە کۆنگرەی سێ ڕۆژەی زانکۆی مێریلانندا بە ناوی "سیمپۆزیەمی نێودەڵەتی برێخت"ەوە، دەیخاتەڕوو. زانایان و نوسەران و ڕەخنەگران و دەرهێنەرانی شانۆ و فیلم، بەشداری لەو سیمپۆزیەمەدا دەکەن. ئەو فایلە 1000 پەڕەییەی کە لیۆن تا ئەو کات کۆیکردووەتەوە لەسەر سیخوڕیی بۆسەر برێخت، ساڵەکانی ژیانی ئەو لەنێوان 1943–1956 لەخۆدەگرێت. لیۆن پێیوایە ژیانی برێخت زۆر

سەخت بووە لە خۆپاراستن و خۆلێلادانەندا بە تۆمەتبارکردنی وەکو کۆمۆنیستێک یان بەوەی بە دادگاییکردنێکی سەختدا بڕوات لەکاتی بوونی هەر بەڵگەیەکدا بۆ پەیوەندییکردنی بە حزبێک یان ئەندام و تەنانەت ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی کۆمۆنیستیشدا. بەم پێیە، دەکرێت FBI کابوس و وەحشێکی گەورەی سیخوڕیی بووبێت بەسەر ژیان و ئاگایی برێختەوە کە هەردەم خۆی ئاگای لێبوبێت. دەگوترێت FBI سێ جار کەیسەکەی برێخت دادەخات چونکە ناتوانن هیچ بەڵگەیەکی پشتڕاستکەرەوەیان دەستکەوێت وەک ئەوەی دکتۆر لیۆن بە "نەبوونی بەڵگە" ناوی دەبات.



ئەم وێنەیەی خوارەوە، وێنەی ڕۆژنامەی The New York Times ە کە لە بەرواری 31–03–1979 دا وتارێکی تێدا بە ناونیشانی (FBI بۆ ماوەی 13 ساڵ سیخوڕیی بەسەر برێختەوە دەکات، فایلەکەی پیشانی دەدات)، بڵاو بووەتەوە.


F.B.I. Spied on Brecht For 13 Years, File Shows

David Zinman Conducts Rochester Philharmonic

Johanna Meier in Debut as Senta

Johnny Mince, Versatile Clarinetist at Crawdaddy

Events Today

"A TRIUMPH"

9 ACADEMY AWARD NOMINATIONS

Agatha

IT IS NOW RATED PG

"Voices"

SUPERMAN

Jane Fonda Jon Voight Bruce Dern Coming Home

**ئەم دەقەی بەردەستتان، دەقی هەموو ئەو لێپێچینەوە-پرسیار و وەڵامانەیە کە لەنێوان ئەنجوومەنی خانە چالاکییە نا-ئەمریکییەکان و بێرتۆلد بریختدا ڕوویدەدات لە بەرواری 30ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1947 کە تێیدا دەویستریت بێرتۆلد بریختی مەزن لەبەر مارکسیست بوون تاوانبار بکرێت و سزا بدرێت.**

**قسەکەران:**

**برێخت – بێرتۆلد برێخت**

**تۆماس – پارنێڵ تۆماس سەرۆکایەتی لیژنەی لێپێچینەوەکە دەکات**

**سترپڵینگ – لێکۆڵەری گشتی**

**باومگاردت – وەرگێڕ کە ناوی دەیڤد باومگاردتە**

**ئەندامانی دیکەی ئەنجوومەن و لیژنەکە ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکی بوون لەوانە جۆن مکدۆوێڵ، ڕیچرد ڤەیل، جۆن وود و هەروەها ڕیچرد نیکسن.**

**ئەنجوومەنی خانەی چالاکییە نا-ئەمریکییەکان (HUAC) ئەو ئەنجوومەن و خانەیەیە کە لە ساڵی 1969 بە دواوە بە لیژنەی ئاسایشیی ناوخۆیی ناسرا. ئەم لیژنەیە دەستەیەکی لێپێچکاریی (تحقیقی) ئەنجوومەنی نوێنەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانە. ئەم خانەیە لە ساڵی 1938 درستکرا لەپێناو لێپێچینەوە لە نا-دڵسۆزیی (خیانەت) و چالاکیی لادەرانە لەلایەن هاوڵاتییان و**

فەرمانبەرانی گشتیی و ئەو ڕێکخراوانەی کە گومان دەکرا پەیوەندییان لەگەڵ حزبێکی کۆمۆنیستییدا هەبێت.

لێکۆڵەری سەرەکی – ماوەی چەندە جۆهانس ئایزلەر دەناسیت؟

بریێخت – پێموایە لە ئم، ناوەڕاستی بیستەکانەوە. ئم، بیست ساڵ دەبێت.

لێکۆڵەری گشتی – ئایا لە هیچ کارێکدا هەماهەنگی بوویت؟

بریێخت – بەڵێ

لێکۆڵەری گشتی – ئم، بەڕێز بریێخت ئایا ئەندامی هیچ حزبێکی کۆمۆنیستیت لە ئێستادا یان ئایا هەرگیز ئەندامی هیچ حزبێکی کۆمۆنیستی بوویت؟

بریێخت – ئایا دەتوانم بەیانی خۆم بخوێنمەوە؟

(ورتە ورتی ئامادەبووان)

بریێخت – وەڵامی پرسیارەکەی دەدەمەوە، ئایا دەتوانم بیخوێنمەوە، بەڵام ئایا دەتوانم بیخوێنمەوە؟

لێکۆڵەری گشتی – ئم، تکایە بەیانەکەت تەسلیمی سەرۆکی دانیشتنەکە بکە.

*(بڕینێکی ئاشکرا. 0:39)*

تۆماس – بەڕێز بریخت، لیژنەکە بە وریاییەوە بەیانەکەتیان خوێندەوە. بەیانەکەت چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشی ژیانی ئەڵمانییە، بەڵام بە هیچ جۆرێک پەیوەست نییە بەم لێپێچینەوەیەوە. بۆیە خوێندنەوەی بەیانەکە لەلایەن تۆوە هیچ بایەخێکی نییە بۆمان.

لێکۆڵەری گشتی – ئێستا پرسیارە سەرەکییەکە دووبارە دەکەمەوە. ئم، ئایا لە ئێستادا یان لە ڕابردوودا هەرگیز ئەندامی هیچ حزبێکی کۆمۆنیستیت یان بوویت لە هیچ وڵاتێکدا؟

بریخت – بەڕێز سەرۆکی لیژنە، ئەوەم لە هاوکارەکانم بیستووە ئم، ئمم، ئەم پرسیارە بە نەشیاو دەبینن. بەڵام، لەبەرئەوەی من میوانم لەم وڵاتەدا بۆیە ناچمە ناو هیچ مشتومڕێکی یاساییەوە، بۆیە بە تەواویی وەڵامی پرسیارەکەتان دەدەمەوە، هەروەها دەتوانم بیکەم. نە ئەندامام و نە ئەندامیش بووم لە هیچ حزبێکی کۆمۆنیستیدا.

لێکۆڵەری گشتی – تۆ..

دەنگێکی نەناسراو (دەیپچڕێنێت) – کەواتە وەڵامەکەت ئەوەیە هەرگیز ئەندامی حزبێک نەبوویت.

بریخت – ئەوە ڕاستە.

لێکۆڵەری گشتی – تۆ، تۆ ئەندامی حزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانی نەبوویت؟

بریخت – نەخێر نەبووم.

وچانێکی کورت

لێکۆڵەری گشتی – ئم، بەڕێز برێخت... ئایا ئەوە ڕاستە کە تۆ کۆمەڵێک شیعر و شانۆنامە و بەرهەمی زۆر شۆڕشگێڕانەت نوسیوە؟

برێخت – هەندێک شیعر و گۆرانی و شانۆنامەم نوسیوە لە دژی هتلەر، هەروەها، بە دڵنیاییەوە، دەکرێت وەک شۆڕشگێڕانە تەماشا بکرێن، لەبەرئەوەی، بێ گومان، ئەوانە لەپێناو ڕووخانی ئەو حکوومەتەدا بوون.

دەنگێکی نەناسراو – بەڕێز لێکۆڵەری گشتی، ئێمە ئەوەمان بەلاوە گرنگ نییە

لێکۆڵەری گشتی – بەڵێ

دەنگێکی نەناسراو – هەر نوسراوێک کە لەوانەیە بۆ ڕووخانی حکومەتی ئەڵمانی نوسیبێتی،

لێکۆڵەری گشتی – بەڵێ، من،

دەنگێکی نەناسراو – حکوومەتی ئەوێ

لێکۆڵەری گشتی – ئم باشە، لە لێکۆڵینەوە لەو نوسینانەی بەڕێز برێخت نوسیونی، بەتایبەت ئەوانەی کە بە هەماهەنگیی هانس ئایزلەر نوسیونی، ئم، وادەردەکەوێت ئەو کەسێک بێت کە گرنگییەکی جیهانیی هەیە لەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کۆمۆنیسیدا. ئێستا بەڕێز برێخت، ئایا ئەوە ڕاستە، ئایا ئاگاداریت کە وتارت نوسیوە یان نا بۆ (گاڤاڵ باگس سێ جار)

لێکۆڵەری گشتی – ئایا وتارت نوسیوە، ئم، کە بڵاوبوونەتەوە لە، ئم، بڵاوکراوەکانی ناوچەی سۆڤێتدا، ئەوەی ئەڵمانیا؟


لە بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکانی گرووپی نۆڤا

بریَخت – بەڵێ... بڵاوی دەکەمەوە...

لێکۆڵەری گشتی – (دەیانپچڕێنێت) – ئەی لە چەند مانگی ڕابردوودا؟

ربێخت – من، نە، نا بیرم ناکەویٚتەوە وتاری وام نوسیبێت، هیچ یەکێک لەو وتارانەم نەبینیوە پرێنت کرابێتن، وتاری لەو شێوەم نەنوسیوە، تەنیا ئێستا. وتاری زۆر کەم دەنووسم، گەر هەر بیشی نووسم.

لێکۆڵەری گشتی – بەڕێز سەرۆکی لیژنە، ئێستا بەڵگەیەکم لایە کە دەیدەم بە وەرگێڕ و داوای لێدەکەم، ئم، بۆ ئەوەی ئم بە لیژنەکی بناسێنێت، هەروەها ئاماژە بە بابەتێک بکات کە لە پەڕەی 72دا هاتووە.

دەنگێکی نەناسراو – ئایا کەی ئەوەی نوسیوە؟ دەتەوێت من...

بریَخت – ئا، ئایا ئەتوانم لە بارەیەوە بدویٚم، لەبارەی ئەو ئم بڵاوکراوەیەوە؟

لێکۆڵەری گشتی – ببورە؟

بریَخت – ئایا ئەتوانم ئەمە ڕوون بکەمەوە ئم

لێکۆڵەری گشتی – بەڵێ ئێمە، ئێمە بڵاوکراوەکە دەستنیشان و دیاری دەکەین

بریَخت – ئا بەڵێ، ئەوە ئم وتار نییە، ئەوە دیمەنێکی دەرهێنراوە لە شانۆیەکدا کە من نوسیومە، لە، پێموایە 19..30... ساڵی 1937 یان 38، لە دانیمارک. شانۆکە ئم ناوی، *"ژیانی تایبەتی ماستەر ڕەیسە"*، وە ئەو دیمەنەش

یەکێکە لە دیمەنەکانی ئەو شانۆیە لەبارەی ژنێکی جولەکەوە، لە بەرلین، لە ساڵی 1936 یان 1937. ئەوە ئم دەبینم کە لە گۆڤاری ئۆست ئەند ویست بڵاوبووەتەوە.

لیکۆڵەری گشتی – ئم بەڕێز وەرگێڕ تکایە ئەتوانیت پەڕەی سەرەتای گۆڤارەکە بخوێنیتەوە.

باومگارت – ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوا؛ بەشداریی لە پرسیارە کلتوری و سیاسییەکانی ئێستادا. سەرنوسەر ئەلفرێد کانتۆرۆویکز

دەنگێکی نەناسراو – ئایا دەتوانیت پیت بە پیت بیخوێنیتەوە؟

وەرگێڕ – ک ە ن ت ۆ ر ۆ و ی ک ز. بەرلین، جولای، 19ی مانگ، سەد 47، یەکەم ئم ساڵی بڵاوکردنەوە و نرخ.

لیکۆڵەری گشتی – ئم بەڕێز برێخت، ئایا سەرنوسەری گۆڤارەکە دەناسیت، ئەوەی کە هەر ئێستا ناوەکەی خوێندرایەوە؟

برێخت – بەڵێ، لە بەرلین ناسیم، هەروەها دواتریش لە نیویۆرک چاوم پێیکەوت.

لیکۆڵەری گشتی – ئایا دەزایت ئەو ئەندامی حزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانییە؟

برێخت – ئم کاتێک من لە ئەڵمانیا بینیم، پێمواپە، ئەو ڕۆژنامەنووس بوو لە ئولشتاین پریس، ئەوە، کۆمۆنیستی نییە، ئم، کۆمۆنیست، نەبوو، ڕۆژنامەی، ئەم، هونەریی کۆمۆنیستی نەبوو، هەرچەندە بە تەواویی نازانم کە ئایا ئەو ئەندامی حزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانی بوو یان نا.


لە بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکانی گروپی نۆڤا

لێکۆڵەری گشتی – نەتدەزانی کە ئایا ئەندامی حزبی کۆمۆنیستیی ئەلمانی بوو یان نا؟

بریێخت – نازانم، نەخێر، نیمە... نازانم.

*(بڕینێکی ئاشکرا. 7:05)*

لێکۆڵەری گشتی – ئم بەڕێز بریێخت، ئم، ئایا دەتوانیت بە لیژنەکە بڵێیت تا ئێستا چەند جار ڕۆشتوویتە بۆ مۆسکۆ؟

بریێخت – بەڵێ. لەوێ بووم، بانگهێشتکرابووم بۆ مۆسکۆ، ئم، دوو جار.

لێکۆڵەری گشتی – کێ بانگهێشتی کردی.

بریێخت – ئم، یەکەمجار، بانگهێشتکرابووم لەلایەن ۆکسەوە، ئەوە ناوە کلتوریێکە، ڕێکخراوێکە بۆ بۆ کل، ئاڵوگۆڕی کلتوری، ئم... بانگهێشتکرابووم بۆ پیشاندانی، وێنەیەک، وێنەیەکی دۆکۆمێنتەری، هەمبوو، لە بەرلین دروستم کردبوو.

لێکۆڵەری گشتی – ناوی وێنەکە چی بوو؟

بریێخت – ئم، ناوەکە بریتی بوو ئم، ئم ناوی ناوچەیەکی دەروبەری بەرلین بوو، کوهلێ وامپێ.

دەنگێکی نەناسراو – تکایە پیت بە پیت بیخوێنەرەوە

بریێخت – ک و ە ل ێ... و ا م پ ێ



لە بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکانی گرووپی نۆڤا

لێکۆڵەری گشتی – ئەم، کاتێک تۆ لە بەرلین بوویت، چاوت کەوت، مەبەستم، ببورە، کاتێک لە مۆسکۆ بوویت چاوت کەوت بە سێرجی ت ر ی ا ک ۆ ڤ. تریتیاکۆڤ؟

بریێخت – ئەمە ئەم تریتیاکۆڤ، ئەوە، بەڵێ، ئەو، شانۆنامەنوسێکی ڕوسییە، بەڵێ.

لێکۆڵەری گشتی – وایە

بریێخت – بەڵێ. ئەو وەریگێڕا، ئم، هەندێک لە، شیعرەکانم، هەروەها پێموایە شانۆنامەیەکیش.

لێکۆڵەری گشتی – ئم، بەڕێز سەرۆکی لیژنە، ئەدەبی نێودەوڵەتی ژمارە 5ی ساڵی 1937، ئم، کە لەلایەن چاپخانەی دەوڵەتیی هونەری ئەدەبییەوە بڵاوکراوەتەوە لە مۆسکۆ، وتارێکیان هەبوو کە سێرجی تریتیاکۆڤ نوسەرەکەی بوو، چاوپێکەوتنێکیش کە لەگەڵ بەڕێز بریێختدا هەیبوو. لە پەڕەی 6دا دەڵێت، ئیقتیباس، من ئەندامی، ئەمە، ئەوەتا ئەو ئیقتیباسی بەڕێز بریێخت دەکات و دەڵێت:

من ئەندامی ئەنجوومەنی ئۆرشگێڕیی ئۆگسبێرگ بووم، بریێخت بەردەوام دەبێت، لە دەروبەری میونیخ، لیڤین ئاڵای دەسەڵاتی سۆڤێتی بەرزکردەوە. ئۆسبێرگ لە ڕەنگدانەوە پرشنگدارەکەی (میونیخ)دا دەژیا. نەخۆشخانەکە تاکە یەکەی سەربازیی بوو لە شارۆچکەکەدا. ئەو منی وەک ئەنجوومەنی شۆڕشگێڕیی هەڵبژارد، کۆتایی ئیقتیباس.

تریتیاگۆڤ بەردەوام دەبێت،


لە بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکانی گروپی نۆڤا

ئەو "درەمی لە شەودا" نوسییەوە. ئەم بەرهەمە "*دەنگدانەوەکانی شۆڕش*" لەخۆدەگرێت. لە هەمانکاتدا، بەرهەمەکە ڕەخنە تەنزئامێزەکە بوو لەوانەی کە خۆیان لە شۆڕش دورخستەوە. شانۆکەی، دەس مانهامی، یەکەمین شانۆ لە شانۆ سەرەتاییەکانی برێخت لەبارەی تێما و بابەتێکی کۆمۆنیستییەوە بەشێوەی دادگاییەک ڕێکخراوە کە تێیدا کارەکتەرەکان پاساو بۆ خۆیان دەهێننەوە لە کوشتنی هاوڕێیەکدا.

کاتێک لە ساڵی 1932 سەردانی مۆسکۆی کرد، برێخت پێیراگەیاندم کە پلانی دامەزراندنی شانۆیەکی هەیە لە بەرلین، کە لێیەوە هەمواری سەرنجڕاکێشترین دادگاییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەکاتەوە، بۆ نموونە، دادگاییکردنەکەی کارڵ مارکس. چیرۆکی ئابوری برێختی بە مارکس و لینین ناساند، ئەوەی کە نوسینەکانی بوون بە بەشێکی بێ وێنە لە کتێبخانەکەیدا. برێخت دراسەی لینین دەکات و ئیقتیباسی لێدەکات، لینین وەک بیریارێک و ڕابەرێکی پەخشانی مەزن. لە ڕوانینی برێختەوە، پێویستە شانۆ بتوانێت کار بکاتە سەر ئاگایی بینەرانی. شانۆ نەریتی و کۆن وێنای غەریزەکانی ململانێی چینایەتی دەکات. برێخت داخوازی ئەوەی هەیە کە ئاگایی چینایەتی کۆمەڵایەتی جێگەی غەریزەکانی ململانێی چینایەتی بگرێتەوە، کە مەبدەء و بڕوای کۆمەڵایەتییە. ئەو بڕوای بەوە هەیە کە پێویستە تەنیا هەستی پێنەکرێت، بەڵکو ڕوونبکرێتەوە، هەروەها بە ئاڕاستەی ئەو ئایدیایەدا ڕوون بکرێتەوە کە جیهان هەڵدەگێڕێتەوە.


لە بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکانی گروپی نۆڤا

بریختی هونەرمەند پانتاییەکی زۆر فراوان و هەمەڕەنگی هەیە. ئەو چەندین شیعر و گۆرانی و کۆرسی ئامادەکردووە، کە هەموویان دەربارەی بابەتی شۆڕشگێڕیین، بێ بەزەیی. هەرچەندە کتێبخانەکەی کتێبی دەربارەی زانست و کردار و لینینیش تێدایە.

ئایا بەرێز بریخت تۆ ئەو چاوپێکەوتنەت بیردەکەوێتەوە؟

بریخت – نەخێر

وەستانێکی کورت

(پێکەنینی ئامادەبووان)

بریخت – دەبێت ئەوە بیست ساڵێک پێش ئێستا نوسرابێت یان زیاتر، من...

لێکۆڵەری گشتی – بەڕێز بریخت ئێستا گۆڤارەکەت پیشان دەدەم

بریخت – بەڵێ. گومانم لەوە نییە، چاوپێکەوتنەکەم کردووە. بەڵام بیرم ناکەوێتەوە. بەرێز لێکۆڵەی گشتی چاوپێکەوتنەکە خۆیم بیرناکەوێتەوە، ئا، پیموابێت ئەوە کەم تا زۆر کارێکی ڕۆژنامەگەرییانە بووە، ئا...

باومگاردت – کورتە

بریخت – کورتەی، ئم، قسە و گفوتوگۆی شتانێکی زۆر

لێکۆڵەری گشتی – (دەیپچڕێنێت) – تۆ

بریخت – لەلایەن تریتیاکۆڤەوە ئەنجامدرا



لە بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکانی گروپی نۆڤا

لێکۆڵەری گشتی – ئایا زۆرێک لە نوسینەکانت لەسەر فەلسەفەی لینین و مارکس بنیادناوە؟

بریێخت – نەخێر، پێموانییە ئەمە بە تەواوی ڕاست بێت. هەروەها، ئم، بەڵام لە بە دڵنیاییەوە، ئم من دراسەم کردوون، ئم وەک شانۆنامەنوسێک پێویست بوو دراسەیان بکەم، پێموایە، هەر کەسێک شانۆنامەی مێژوویی بنوسێت، من پێویست بوو دراسە بکەم، دراسە بکەم ئم، ئم ئایدیاکانی مارکس دەربارەی مێژوو. پێموانییە کە، ئم، شانۆ عەقڵانییەکان ئەم، ئەمڕۆ، بتوانرێت بنوسرێن بەبێ ئم ئەو دراسەیە. هەروەها مێژوو، ئێستا، ئم، دەنوسرێن، بە فراوانی لەژێر کاریگەریی ئەمەدان، کاریگەریی مارکس دەربارەی مێژوو.

*__برِینێکی ئاشکرا. 13:06__*

لێکۆڵەری گشتی – ئم بەڕێز بریێخت، لەو کاتەوەی تۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانیت، ئایا هیچ پلەدارێکی حکوومەتی سۆڤێتت بینیوە؟

بریێخت – بەڵێ...بەڵێ، لە ئم، هۆلیود بانگهێشت کرابووم، هەندێ کات، سێ بۆ چوار جار، لەوێ ئم، بۆ، کۆنسوڵخانەی سۆڤێت، بە دڵنیاییەوە لەگەڵ زۆرێک لە

لێکۆڵەری گشتی – (دەیبڕێت) – کێن ئەوانیتر، کام ئەوانیتر

بریێخت – چی؟

لێکۆڵەری گشتی – ئەوانیتر چی؟

بریێخت – لەگەڵ نوسەرانی دیکەدا، هەروەها هونەرمەندان، وە ئم، هەروەها ئم، ئەکتەرەکان، بۆ ئم، ئەوان ئم، پێشوازییان لێکردم، ئم، لە ئم شۆڤێتی تایبەت (وەرگێر)

باوگاردت – بۆنەکان

بریێخت – بەڵێ بۆنە و چالاکییەکان

لێکۆڵەری گشتی – ئایا هیچ یەکێک لە پلەدارە سۆڤێتییەکان هاتن یان سەردانیان کردی.

بریێخت – پێموانییە

لێکۆڵەری گشتی – ئم ئایا گریگۆری خەیفێت لە 14ی ئەپرلی ساڵی 1943دا سەردانی نەکردی؟ ئەی جێگری سەفیری حکوومەتی سۆڤیتی؟ تۆ گریگۆری کایفێت دەناسیت؟ وانییە؟

بریێخت – ئم

دەنگیکی نەناسراو – ئاگات لەمە بێت

بریێخت – ئەم ناوەم بیر نییە بەڵام لەوانەشە ناسیبێتم، بەڵێ.

لێکۆڵەری گشتی – (دەنگی بەرز کردەوە) – ئایا ئەو هات بۆ لات و سەردانی کردی... لە بەرواری 14ی ئەپرلی 1943دا؟

بریێخت – ئەوە ئیمکانی هەیە

لێکۆڵەری گشتی – (دەنگی بەرز کردەوە) – هەروەها لە لە 7ی هەمان مانگدا، هەروەها جارێکیتر لە 16ی جونی ساڵی 1944دا

بریٚخت – ئەوەش ئیمکانی هەیە. بەڵێ. ئەو کەسە ناناسم ئم ئا، ئەو ناوەم بیرناکەویٚتەوە بەڵام ئم، بەڵام ئم، کەسیٚکی ئم، هەندێ هاوەڵ و هاوپیٚچی کلتوری ئم، یان ئەم،

لیٚکۆڵەری گشتی – (دەیبڕیٚت) – هاوپیٚچی کلتوری

دەنگیکی نەناسراو – ناوەکەی پیت بە پیت بۆ بخویٚنەرەوە

بریٚخت – یان جیگری سەفیر

لیٚکۆڵەری گشتی – گ ر ی گ ۆ ر ی، پیتی گەورە خ ە ی ف ێ ت س.. جاریکیتر ناوی کۆتایی دەڵیٚمەوە خ ە ی ف ێ ت س.

بریٚخت – خەیفیٚتس

لیٚکۆڵەری گشتی – بەڵی. ئایا بەڕیٚز خەیفیٚتست بیر ماوە؟

بریٚخت – ناوەکەم بیر نییە، بەڵام ئم، بەڵام بە دەکریٚت ئیمک... ئم بەڵام من لەمەدا بیرمە، لە، بیرمە کە ئم، ئەوە لە... پیمواییٚت لە، بەڵێ، لە کۆنسوڵخانە، لە کۆنسوڵخانەی ڕوسیا، ئم... کۆمەڵیٚک کەس سەردانیان کردم. نەک بە تەنیا ئەم کەسە، تەنیا هەروەها پیموایە کۆنسوڵیس یەکجار، بەڵام ناوەکەشیم بیرناکەویٚتەوە.

لیٚکۆڵەری گشتی – ئایا سروشتی بزنزەکەی چی بوو؟

بریٚخت – ئەو ئم. دەبوو، ئم دەربارەی، دەربارەی ئم، ئم پەیوەندییە ئەدەبییەکانم لەگەڵ ئم، نوسەرە ئەڵمانەکان، ئم، هەندیٚکیان هاوڕیمن.

لیٚکۆڵەری گشتی – نوسەرە ئەڵمانەکان



لە بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکانی گروپی نۆڤا

بریێخت – بەڵێ لە مۆسکۆ

لیێکۆڵەری گشتی – لە مۆسکۆ

بریێخت – بەڵێ. هەروەها ئم لە وەرگێڕانی ئانۆکانم لە سات ڤێرلاگ لە یەکێتیی سۆڤێت دەرکەوتن بە نموونە ئم لە شانۆی ژیانی تایبەتی ماستەر ڕەیس، هەروەها گالیلۆ، هەروەها ڕۆمانێکیش، فلسەکە بۆ هەژاران، هەروەها شیعر و شتی دیکەش.

لیێکۆڵەری گشتی – ئایا ئم گێرهارت ئایزلەر، گێرهارت ئایزلەر هەرگیز سەردانی کردی. هان نا، بەڵکو گێرهارت.

لیێکۆڵەری گشتی – ئم ئایا دەتوانیت پیێمان بڵێیت لە چی ساڵێکدا سەردانی کردیت؟ ئایا

بریێخت – ئم

لیێکۆڵەری گشتی – هەمان ساڵبوو کە بەڕێز خەیفێت سەردانی کردی؟

بریێخت – نازانم، من ئا، نازان، بەڵام ئم هیچ پەیوەندییەکی نییە، من...

لیێکۆڵەری گشتی – (دەیبڕیت) – ئایا بیرتەکەویێتەوە کە لە بەرواری 17ی جەنیوەری 1944 سەردانی کردی؟

بریێخت – نەخێر بیرم، ناکەویێتەوە بەروارەکە. بەڵام لەوانەیە سەردان کردم، سەردانی کردم لەو بەروارەدا.

لیێکۆڵەری گشتی – ئم لە کوێ سەردانی کردی؟

**بریێخت – ئێستا، ئم، ئەو، راهاتبوو پرسیاری لەبارەی براکەیەوە دەکرد، ئەوەی، وەک پێمگوتن هاوڕێیەکی کۆنمە، وە ئێمە، چەند یارییەکی شەترەنجیشمان کردووە، هەروەها لەبارەی سیاسەتیشەوە دواوین.**

**لێکۆڵەری گشتی – دەربارەی سیاسەت**

**بریێخت – بەڵێ**

**دەنگێکی نەناسراو – ئایا وەڵامی کۆتایی چی بوو من لە دوا وەڵام تێنەگەشتم**

**تۆماس – ئەوان لەبارەی سیاسەتەوە قسەیان کردووە.**

**لێکۆڵەری گشتی – ئایا لە هیچ یەکێک لە گفتوگۆکامنتدا لەگەڵ ڤێرهارت ئایزلەر، ئم گفتوگۆی، بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئەڵمانی کردووە؟**

**بریێخت – بەڵێ**

**لێکۆڵەری گشتی – لە ئەڵمانیا؟**

**بریێخت – بەڵێ ئێمە قسەمان کرد لەبارەی، ئم، بە دڵنیاییەوە، دەربارەی سیاسەتی ئەڵمانی. ئەو، ئەو شارەزایە لەو بوارەدا. ئەو سیاسەتمەدارە.**

**بریێخت – بۆیە ئەو، بەڵێ. ئەو دەیزانی، بە دڵنیاییەوە ئەو زۆر زیاتری لەمن دەزانی لەبارەی دۆخی ئەڵمانیاوە.**

***<u>برینێکی ڕوون و ئاشکرا. 18:40</u>***

لێکۆڵەری گشتی – بەڕێز بریخت ئایا لەو کاتەوەی لە ئەمریکای بە هیچ وتارێک بەشدار بوویتە لە بڵاوکراوە کۆمۆنیستییەکانی ئەمریکادا؟

بریخت – پێموانییە، نەخێر

لێکۆڵەری گشتی – ئەم ئایا ئاشناییت هەیە بە گۆڤاری جەماوەرە نوێکان؟

بریخت – نەخێر

لێکۆڵەری گشتی – ئایا هەرگیز هیچت لەبارەیەوە نەبیستووە؟

بریخت – بەڵێ، بە دڵنیاییەوە.

لێکۆڵەری گشتی – ئایا هیچ شتێکت تێدا بڵاوکردووەتەوە؟

بریخت – نەخێر

لێکۆڵەری گشتی – ئایا هیچ یەکێک لە کارەکانی تۆیان بڵاوکردووەتەوە؟

بریخت – ئەوە نازانم. ئەوان ل، لەوانەیە هەندێکیان بڵاوکردبێتەوە، ئم هەندێک وەرگێڕانی کارەکانی من. بەڵام ئم هیچ ئم پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆم لەگەڵیاندا نییە،

لێکۆڵەری گشتی – ئایا...

بریخت – نەک بەو مانایەی تۆ باسکرد.

لێکۆڵەری گشتی – ئایا هیچ هەماهەنگییەکی هانست کرد لە گۆرانی ئم لە پاریسی فێربووندا؟



لە بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکانی گرووپی نۆڤا

بریێخت – بەڵێ، ئم هەماهەنگی، من ئەو گۆرانییەم نوسیوە، ئەو تەنیا میوزیکەکەی نوسیوە.

لێکۆڵەری گشتی – تۆ نوسیوتە، تۆ گۆرانییەکەت نوسیوە.

لێکۆڵەری گشتی – ئایا تۆ ئم، ئایا دەتوانیت وشەکانی ئەو گۆرانییە بۆ ئەنجوومەنەکە بخوێنیتەوە؟

بریێخت – بەڵێ دەتوانم. ئەتوانم ئاماژە بەوە بکەم ئەو گۆرانییە، ئا، یەکێک، ئا...لە ئێستاندن و گونجاندنێکەوە دێت کە من لە ڕۆمانەکەی گۆرکییەوە "دایک" وەرمگرتووە، وە ئم، لەم گۆرانییەدا ژنە کرێکارێکی ڕوسی

لێکۆڵەری گشتی – (دەیبڕێت) – چی

بریێخت – ئامۆژگاریی خەلکە هەژارەکەی تر دەکات

لێکۆڵەری گشتی – ئم، ئەمە لەم وڵاتە بەرهەمهاتووە، وانییە

بریێخت – بەڵێ،

لێکۆڵەری گشتی – ئم

بریێخت – 35، نیویۆرک

لێکۆڵەری گشتی – بەڵێ، من ئێستا وشەکانی دەخوێنمەوە و پرسیارت لێدەکەم بزانە ڕاستن؟

بریێخت – فەرموو

لێکۆڵەری گشتی –:

ئێستا فێری حەقیقەتە سادەکە ببە

ئەوەی کە دواجار کاتت هاتووە

هێشتا زۆر درەنگ نییە

ئێستا فێری سەرەتاییترین پیتەکانی ئەلف بێ بە

هێشتا کافی نییە و هەوڵدە فێربە

مەترسە، دڵشکاو مەبن

جارێکیتریش، پێویستە فێری وانەکە ببن

ئەبێت ئامادە بیت بیگریتەدەست

دەبێت –

بریخت – (دەیبڕێت) – نەخێر، ئم، ببورە ئەوە وەرگێرانێکی هەڵەیە

(پێکەنینی ئامادەبووان)

بریخت – ئم، ئم، ئەوە راستەکە نییە، یەک چرکە ئێستا دەقە ڕاستەکەت پێدەدەم

لێکۆڵەری گشتی – ئەوە وەرگێڕانێکی ڕاست نییە؟

بریخت – نەخێر، ئەوە ڕاست نییە. وەک مانا ئەوە ڕاست نییە وەک مانا. ئەوە زۆر جوان نییە بەڵام من لەبارەی ئەوەوە قسە ناکەم.

(چەند کەسێک پێکەوە قسە دەکەن)

لێکۆڵەری گشتی – باشە کەواتە مانای چییە

بریخت – نەخێر



لە بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکانی گروپی نۆڤا

لێکۆڵەری گشتی – باشە ئەوەتا ئم پێمە، شیعرەکانی خەڵکم پێیەو ئم کە لەلایەن حزبی کۆمۆنیستیی ئەمریکییەوە بڵاوکراوەتەوە، لەلایەن کتێبخانەی کرێکارانی پەبڵشەرسەوە بڵاوبووەتەوە. لاپەڕەی 24 دەڵێت لە ستایشی فێربووندا

بریخت – بەڵێ

لێکۆڵەری گشتی – لەلایەن بێرت بریختەوە، مۆسیقای هانس ئایزلەر. هەروەها لێرەشدا دەڵێت، ئم؛ "پێویستە ئامادەی گرتنەدەستی دەسەڵات بن. فێر بە، پیاوانی بێکار لەسەر سۆسیالی دەوڵەت، پیاوان لە زیندانەکاندا، فێربن ژنانی ناو مەتبەخەکان، پیاوان فێر بن 65... پیویستە ئامادەی گرتنەدەستی دەسەڵات بن".

بریخت (دەیپچڕێنێت) – تکایە من، تکایە من دەتوانم قسە بکەم، وەرگێڕ...

لێکۆڵەری گشتی – هەروەها، ئم، بەردەوامدەبێت. ئەوەش، ئەوەش کۆرسەکەیەتی...

بریخت (دەیپچڕێنێت) – بەڕێز لێکۆڵەری ... بەڵێ...

لێکۆڵەری گشتی – "پێویستە ئامادە بن بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات".

بریخت – بەڕێز لێکۆڵەری گشتی لەوانەیە وەرگێڕ بتوانێت...

باومگاردت – وەرگێڕانە دروستەکە بریتییە لەمە "دەبێت سەرکردایەتی بکەی".

دەنگێکی نەناسراو – "دەبێت سەرکردایەتی بکەی"


لە بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکانی گرووپی نۆڤا

باومگاردت – سەرکردایەتی. بەڵێ سەد لە سەد دەڵێت سەرکردایەتی. ئەوە هەمان وشەیە وەک سەرکردە هیتلەر یا هاوشێوەی ئەوە. ئەوە "گرتنەدەستی دەسەڵات" نییە. (زۆرێک قسەدەکەن، نەزانراو) وەرگێڕانەکە وەرگێڕانێکی وشە بە وشە نییە وەک ئەوەی لێرەدا ئەیبینم.

لێکۆڵەری گشتی – باشە بەڕێز برێخت. ئم، وەک ئەوەی لەم بڵاوکراوە، ئم، کۆمۆنیستییانەدا بڵاوکراونەتەوە، کەواتە ئەوە ڕاست نییە؟ مەبەستت چی بوو؟

برێخت – بیرم نییە ئەگەر، ئم، وەرم، هەرگیز کتێبەکەم وەرنەگرتووە، من خۆم. ئەبێت کاتێک بڵاوکرابێتەوە من لە وڵات نەبووبێتم – پێموایە وەک گۆرانییەک بڵاوکراوەتەوە، گۆرانی ئم، گۆرانییەک لە گۆرانییەکانی ئایزلە کە میوزیکی بۆ نوسیبێت. من هیچ ڕەزامەندییەکم پێنەداون لە، لە بڵاوکردنەوەیدا. نەمبینی، پێموایە هەرگیز وەرگێڕانەکەیم نەبینی بوو، ئم

لێکۆڵەری گشتی – کەواتە ئەی، ئەی هەتە، وشەکانت لایە

(چەند کەسێک پێکەوە قسە دەکەن، نەزانراو)

برێخت – بە ئەڵمانی، بەڵێ

لێکۆڵەری گشتی – هی گۆرانییەکە وەک ئەوەی دەردەکەوێت

برێخت – بەڵێ، لەناو کتێبەکەدایە

لێکۆڵەری گشتی – نەک وەک ئەوەی یەکەمجار نوسراوە

(چەند کەسێک پێکەوە قسە دەکەن، نەزانراو)

لێکۆڵەری گشتی – ئا، بەردەوام دەبێت، "دەبێت ئامادەی گرتنەدەستی دەسەڵات بیت، دەبیت ئامادەی گرتنەدەستی دەسەڵات بیت، دڵەڕاوکێ مەکە لە پرسیارکردن".

بریێخت – ب..

لێکۆڵەری گشتی – "پرسیار، هاوڕێ"

بریێخت – ب..

لێکۆڵەری گشتی – ئایا ئەوە، ئایا ئەوە لەوێ بوونی هەیە؟ "دڵەڕاوکێ مەکە لە پرسیارکردن هاوڕێ"؟

بریێخت – بۆ نا، ئم بۆ ناهێلیت وەر، ئم، ئم، بۆ ناهێلیت، ڕێگەی ئەو بدەی ئم، لە ئەڵمانییەوە وشە بە وشە وەریبگێڕێت؟

باومگارتن – من بە تایبەتی ئارەزووی وەرگێڕانی ئەم پارچەپەی شیعرەکە دەکەم کە چەند جارێک دووبارە دەبێتەوە و کۆتاییەکەشێتی...

تۆماس – من لەوە زیاتر لە وەرگێڕەکە تێناگەم کە لە سەروی توانامەوەیە

(پیکەنینی ئامادەبووان)

باومگارتن – بەڕێز سەرۆکی لیژنە داوای لێبوردن دەکەم (چەند کەسێک قسە دەکەن)

تۆماس – ئەگەر بتوانیت لە مایکرۆفۆنەکەوە قسە بکەیت، لەوانەیە بتوانین یەک تۆزێک باشتر تێبگەین.

باومگاردت – دوا دێڕەکە، ی سێ پارچەکەی ئێمە، ئم پێیستە بە ڕاستی وەربگێڕدرێت، "دەبێت دەست بەسەر سەرکردایەتیکردندا بگریت"، نەک "دەبێت، ئم، دەسەڵات بگریتە دەست". "دەبێت دەست بگریت بەسەر سەرکردایەتیکردندا"، باشترینە، ئم ڕاستە، ئەوە وردترین وەرگێرانە.

*__بڕینێکی ئاشکرا. 24:00__*

تۆماس – هەندێک کەس داوایان لێکردی بچینە ناو حزبی کۆمۆنیستییەوە، وانییە؟

بریێخت – ئمم..

دەنگێکی نەناسراو – ئایا ئەوە لە ئەڵمانیا بوو یان (نەزانراو)

بریێخت – لە ئەلمانیا، مەبەستت لە ئەڵمانیایە؟

تۆماس – نەخێر مەبەستم لە ئەمریکایە.

بریێخت – نا نا نا نەخێر

تۆماس – ئێستا ڕێگای بدە، تۆ ڕێگای بدە، ئەو خۆی زۆر باش دەکات. ئەو خۆی زۆر لەو شایەتانە باشتر دەکات کە تۆ هێناوتن بۆ ئێرە.

(پێکەنینی ئامادەبووان)

تۆماس – ئایا تۆ هیچ کەسێکت بیر ناکەوێتەوە لە ئەمریکا داوای چوونە ناو حزبی کۆمۆنیستی لێکردبێتیت؟



لە بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکانی گرووپی نۆڤا

برێخت – نا بیرم ناکەوێتەوە هەرگیز داوای ئەوەی لێکردبێتم.

تۆماس – بەڕێز مکدۆوێڵ هیچ پرسیارێک هەیە؟

مکدۆوێڵ – نەخێر هیچ پرسیارێکم نییە.

تۆماس – بەڕێز ڤەیل؟

ڤەیڵ – هیچ پرسیارێکم نییە.

تۆماس – بەڕێز لێکۆڵەری گشتی هیچ پرسیارێکی ترت هەیە؟

لێکۆڵەری گشتی – ئەمەوێت پرسیارێک لە بەڕێز برێخت بکەم بەوەی ئایا شیعرێک گۆرانییەکی نوسیوە بەناونیشانی "بۆ پێشەوە، ئێمە بیرمان نەچووەتەوە".

دەنگێکی نەناسراو – بۆ پێشەوە، ئێمە چی؟

لێکۆڵەری گشتی – بۆ پێشەوە، ئێمە بیرمان نەچووەتەوە.

برێخت – ئم، نا من، پێموانییە ناونیشانە ئینگلیزییەکە بناسمەوە. ئایا ئەتوانم؟

لێکۆڵەری گشتی – ئایا دەتوانیت بۆی وەربگێڕیتە سەر ئەڵمانی؟

برێخت – ئا ئێستا، بەڵێ، ئێستا دەزانم، بەڵێ (قسەپێبرین)

لێکۆڵەری گشتی – تۆ ئەوەت نوسیوە. ئایا وشەکانی دەناسیتەوە؟

برێخت – بەلێ ئەوە خۆیەتی، بەڵێ ئەوە.



لە بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکانی گروپی نۆڤا

**ليْكۆڵەری گشتی – ئم ئايا ليژنەكە حەز دەكات ئەمەيان بۆ بخوێنمەوە؟**

**تۆماس – هيچ ناڕازيبوونێک نييە، كەواتە فەرموو.**

**ليْكۆڵەری گشتی –**

**بۆ پێشەوە، بيرمان نەچووەتەوە**

**بەهێزييمان لەو جەنگانەی بردماننەوە**

**گرنگ نييە چی هەڕەشەمان لێدەكات**

**بۆ پێشەوە، لە بيرنەكراوە**

**چەند بەهێزين وەک يەک**

**ئێستا تەنيا ئەو دەستانە ئازاريان هەيە**

**كە ڕێگاكان، ديوارەكان و تاوەرەكانيان دروست كردووە**

**هەموو جيهان لە دروستكراوی ئێمەيە**

**ئەی چی شتێكی ئەو، دەتوانين چی ئتيكی ئەو بە هی خۆمان بزانين**

**بۆ پێشەوە، بڕۆن بۆ دەسەڵات**

**بەناو شاردا، زەوی، جيهاندا**

**بۆ پێشەوە، كات بەرنە پێشەوە**

**شار شاری كێيە؟**



لە بلاوكراوە ئەليكترۆنييەكانی گروپی نۆڤا

**جیهان جیهانی کێیە؟**

**بۆ پێشەوە، بیرمان نەچووەتەوە**

**یەکێتیمان، لە برسێتی و ئازاردا**

**بێ گوێدان بەوەی چی هەڕەشەمان لێدەکات**

**ئەبێت جیهان لە سێبەر ئازاد بکەین**

**هەموو دوکان و ژورێک**

**هەموو ڕێگا و مێرگێک**

**هەموو جیهان هی خۆمان ئەبێت**

**لێکۆڵەری گشتی – ئایا بەڕێز برێخت تۆ ئەوەت نوسیوە؟**

**برێخت – نەخێر، ئم من هۆنراوەیەکی ئەڵمانیم نوسیوە، بەڵام ئەوە زۆر جیاوازە**

**(پێکەنینی ئامادەبووان)**

**برێخت – جیاواز لەم شتە.**

**(پێکەنینی ئامادەبووان)**

**لێکۆڵەری گشتی – ئم... ئەوە هەموو ئەو پرسیارانە بوون کە هەمبوون بەڕێز سەرۆکی لیژنە.**

***(کۆتایی. 26:14)***



لە بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکانی گروپی نۆڤا